# دەربارەی لێکتێگەیشتنی لایەنە کوردییەکانی رۆژئاوا

22-06-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

**کورتە :** وای زیاتر لە سێ مانگ گفتوگۆ لەنێوان ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی لە سوریا کە سەرەتا لە نیوان (ENKS) و پارتی یەکێتی دیموکراتی و دواتریش لە نێوان هاوپەیمانەکانیدا لە چوارچێوەی پارتەکانی یەکگرتووی نیشتیمانی کورد (PYNK) بەڕێوەچوو کە بیست و پێنج پارت لەخۆدەگرێت و گەورەترینیان پارتی یەکێتی دیموکراتییە، تیگەیشتنێکی سیاسی هاوبەش درووستبوو.

**RRC |**

**حوسێن عومەر |**

دوای زیاتر لە سێ مانگ گفتوگۆ لەنێوان ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی لە سوریا کە سەرەتا لە نیوان (ENKS) و پارتی یەکێتی دیموکراتی و دواتریش لە نێوان هاوپەیمانەکانیدا لە چوارچێوەی پارتەکانی یەکگرتووی نیشتیمانی کورد (PYNK) بەڕێوەچوو کە بیست و پێنج پارت لەخۆدەگرێت و گەورەترینیان پارتی یەکێتی دیموکراتییە، تێگەیشتنێکی سیاسی هاوبەش درووستبوو. ئەو دانووستاندنانە سەرەتا بەشێوەیەکی نهێنی و لەژێر چاودێری باڵیۆز ولیام روباک جێگری نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و مەزڵوم عەبدی فەرماندەی گشتی هێزەکانی سوریای دیموکرات (HSD) بەڕێوەچوون. دواتریش لە ١٦ حوزەیرانی ٢٠٢٠دا ئەنجامی دانووستاندنەکان لەڕێگەی ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشەوە بۆ ڕاگەیاندن و ڕای گشتی ئاشکرا کرا.  لایەنەکان رایانگەیاند کە گەیشتوون بە " دیدێکی سیاسی هاوبەشی مولزەم" و" گەیشتن بە تێگەیشتنی سەرەتایی و ڕێزگرتن لە ڕێککەوتنی ساڵی ٢٠١٤ ی دهۆک سەبارەت بە حوکمڕانی هاوبەش لە ئیدارەدان و پاراستن وبەرگریکردن لە ناوچە کوردییەکان وەکو بناغەیەک بۆ بەردەوامیدان بە گفتوگۆ و دانووستاندنەکانی نێوان هەردوولا بەئامانجی گەیشتن بە ڕێککەوتنی فراوان لەداهاتوویەکی نزیکدا." وەك ئەنجامی دانووستاندنی خۆیان ڕاگەیاند.

**گرنگی ڕاگەیاندراوەکە چیە؟**

گرنگی ڕاگەیاندراوەکە لەوەدایە کە گوزارشت دەکات لەیەکەم دەستکەوتی ڕاستەقینەی دانووستاندنەکان و تێپەڕاندنی قۆناغی گومان و گومانکاری لەوەی کە ئایا لەدانووستاندن بەردەوام دەبن یان نا، دووەمیش ئەوەیە کە لایەنەکان بەدەرلە گەیشتنیان بە دیدێکی سیاسی هاوبەش سەبارەت بە چارەسەرکردنی قەیرانی سوریا و پرۆژەی کوردی بۆ ئەم چارەسەرە، هەورەوەها هەڵوێستیان سەبارەت بە رژێم وئۆپۆزسیۆن، لە دانووستاندنەکاندا لەسەر دووەمەسەلەی سەرەکی کە پەیوەستن بە لایەنی ئیداری وسەربازییەوە ڕێککەوتن. بڕیاریشیاندا کە ڕێککەوتنی دهۆک بکرێتە بناغەیەک بۆ بەردەوامیدانی دانووستاندنەکان.

هیچ گومانی تێدا نیە کە پارتی یەکێتی دیموکرات وهاوپەیمانەکانی بە دانانی ئەم ڕێککەوتنە وەك بناغەیەک بۆ بەردەوامیدان بە دانووستاندنەکان رازینەدەبوون ئەگەر، "مەرجەعیەتی خاوەن بڕیار" بەوە رازینەبووایە  کە هێزەکانی (پێشمەرگەی ڕۆژ) کە بە باڵی سەربازی ئەنجومەنی نیشتیمانی دادەنرێت بگەڕێنەوە و ئیدارەی (خۆسەر) بکرێتە ئیدارەیەکی هاوبەش.

**گەڕێکی نوێی نزیکی دانووستاندنەکان**

دوای تەواوبوونی ڕاگەیەنراوە هاوبەشەکە، نێردەی ئەمریکا بۆ چودێریکردنی دانووستاندنەکان ولیام روباک ناوچەکەی جێهێشت. بەپێی زانیاریەکانیش کارەکەی لە ناوچەکەدا کۆتایی هات-ئەگەر لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاوە درێژنەکرێتەوە بۆ چاودێریکردنی دانووستاندنەکان- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا جێگرەکەی روباکی (زەهرە بیللی) داناوە بۆ چاودێریکردنی دانووستاندنەکانی داهاتوو کە بڕیارە لەماوەی ئەم هەفتەیەدا دەستپێبکات. هەردوولاش ئامادەن بۆ دەستپێکردنی دانووستاندن و لەئاستی نێوخۆییاندا گفتوگۆیان دەربارەی بابەتەکان کردووە . لەڕووی سەربازییەوە بڕوایەك هەیە کە هەردوولا بگەنە ڕێککەتنێك بۆ یەکخستنی هێزەکانیان بە جۆرێك کە یەك پەیکەر و فەرماندەیی هاوبەشی هەبێت و ڕێگە نەدات دوو هێزی جوودا هەبن.

لەڕووی ئیدارییەوە، ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد دەیەوێت لەسەرەتادا گفتووگۆ لەسەر ئیدارەی هاوبەشی ناوچە کوردییەکان بکات دواتر لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئیدارەکەدا لە ناوچەکانی دیکە گفتوگۆ بکات. بەڵام لەدواجاردا ئەمە دەکەوێتە سەر هەڵوێستی ئەمریکا بۆ ناوچەکە، چونکە سەرپەرشتیاری دانووستاندنەکانە و پارێزەری ناوچەکەشە.

**دانووستاندنەکان گشتگیرن یان نا**

ئەمریکا و هێزەکانی سوریای دیموکرات ویستیان هەموو لایەنە کوردیەکان لە دانووستاندنەکاندا بەشداری پێبکەن ،بەڵام ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی دانووستاندنی سیانی ڕەتکردەوە، مەرجی ئەوەبوو دووانی بێت. بۆیە سێ پارتی کوردی لە دەرەوەی دانووستاندنەکان مانەوە  کە ئەمە وادەکات بۆ هەموو هاوکێشەیەکی سیاسی کوردی گشتگیرنەبێت. بەڵام شوێنی ئەم سێ پارتە جیاوازە. پارتی یەکێتی کوردستانی ئازاد پێشتر داوایکردبوو بێتە ناو ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی و لەوفەزا سیاسیەدا جوڵە بکات. لەکاتێکدا کە پارتی وەحدە ئەندامە لە ئەنجومەنی سوریای دیموکرات کە سێبەری سیاسی فەرمی هێزەکانی سوریای دیموکراتە و لە ئیدارەی خۆسەریشدا  پۆستی سەرۆکی دەستەی ئابووریان هەیە. تەنانەت ئەگەر وەحدە بەشێوەیەکی فەرمیش نەیەتە ناو ئیدارەکەوە بەڵام لەو فەزا سیاسیەدایە.

پارتی پێشکەوتووی دیموکراتی لەدوای دەرچوونی لە ئەنجومەنەکە، سووربوو لەسەر ئەوەی کە هیچ  پێوەندیەکی بە ئیدارەی خۆسەرو دامەزراوەکانیەوە نیە. لەدواجاریشدا بەشداریکردنی پارتەکان لە دانووستاندنەکان گرێدراوە بە هەڵوێست وپێوەندیان بە هەردوولایەنی دانووستاندنکارەوە.

**مەترسی ئەمریکی**

لەوانەیە گوزارشتی (مەترسی ئەمریکی) بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان و باکووری رۆژهەڵاتی سووریا  شتێکی سەیر بێت. رەفتاری ئیدارەی ئەمریکی لە قۆناغی رابردوودا بەتایبەی بڕیاری ترەمپ بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا و پێدانی گڵۆپی سەوز بۆ تورکیا بۆئەوەی ناوچەکانی سەرێکانی و گرێسپی داگیربکات، لەگەڵ کتـێبەکەی جۆن بۆڵتۆن راوێژکاری پێشووی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا کە دەریدەخات چۆن ئیدارەی ئەمریکی پشتگیری لە تورکیا کردووە و چۆن ترەمپ رەتیکردۆتەوە کە گوێ لە هۆشدارییەکانی ئەو و ئیمانۆیل ماکرۆن، هاوپەیمانە فەرەنسیەکەی بگرێت سەبارەت بە ئامانجەکانی ئەردۆغان لە سەرکوتکردنی کورددا، دەریدەخەن کە لەوانەیە مەترسی ئەمریکی راستەقینە بێت و وەهم نەبێت. بەتایبەت کە سەرۆکی ئەمریکا لە چاوڕوانی هەڵبژاردنەکانی پایزدایە و ئەگەر، بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەناوچەکە ببێتە هۆی ئەوەی پێگەی لەنێوخۆدا باشتربێت لەوانەیە ترەمپ ئەو بڕیارە بدات.

**یاسای قەیسەر**

لە حەڤدەی ئەم مانگەدا یاسای قەیسەر بۆ سەپاندنی گەمارۆکان لەسەر سوریا چووە بواری جێبەجێکردنەوە. لەم چوارچێوەیەشدا بەپێی هەندێک زانیاری دزەپێکراو، ئەمریکا داوای لە هێزەکانی سوریای دیموکرات وئیدارەی خۆسەر کردووە کە نەوت نەنێرن بۆ حکومەتی سوریا. ئەگەر ئەمە راست بێت مانای ئەوەیە کە پەیوەندییە ئابورییەکان لەنێوان حکومەت و ئیدارەی خۆسەر هەڵدەپەسێردرێن. بە دڵنیاییەوە ئەمەش کاریگەری دەکاتە سەر تەواوی پێوەندیەکانی نێوان ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی حکومەتی سوریا و ئەوناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی خۆسەردان. واتە ئاسۆکانی هەر گفتووگۆیەکی دووانی نێوان حکومەتی سوریا و ئیدارەی خۆسەر بەرەو ئاوابوون دەچێت و وا دەکات نزیکبوونەوەی نێوان ئیدارەی خۆسەر و ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد خێراتر بێت.

لە چوارچێوەی جووڵەی ئەمریکا سەبارەت بە سووریا، لەهەوڵەکانی بۆ ئاشتەوایی نێوان لایەنە کوردییەکان و دواتریش بۆ ئاشتەوایی لەنێوان کورد و هاوپەیمانەکانی لەناوچەکەدا، بەهەمان شێوە ئەمریکا هەوڵەکانی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی سوریا چڕکردۆتەوە و هەوڵدەدات رێگە لە جیابوونەوە لەنێوان دەستەی دانووستاندنکاری ئۆپۆزسیۆنی سووری بگرێت. دوا کۆبوونەوەی دەستەکەش لە دیدارێکی نێوان نێردەی ئەمریکا جەیمس جێفری و بەئامادەبوونی سامر سەبهان وەزیری دەوڵەتی سعودی لەگەڵ سەرکردەکانی دەستەکەدا لە وڵاتێکی ئەورووپی بڕیاری لێدراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەتێپەڕاندنی دابەشبوونی ئەم دواییەی نێوان دەستەکە سەرکەوتوو نەبووە. لەگەڵ دەستپێکردنی جێبەجێکردنی یاسای قەیسەریش، هەموو هەوڵەکانی ئەمریکا لە چوارچێوەی رێکخستن و بەهێزکردنی کارتەکانێتی لە مەلەفی سووریدا  بۆ ئەوەیە فشار بخاتە سەر رژێمی سووریا و قەناعەت بە رووسیا بکات کە بە چارەسەرێکی سیاسی بۆ قەیرانی سووریا ئەمریکا وهەوپەیمانەکانی رازیبکات.